# له ئەدەبی یۆنانیەوە :

# (نان و خۆشەویستی )

وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە: خەسرۆ پیربال

تاناسیس تالاگانیس، یەكێك بووە لە شاعیرە گەڕۆكەكانی یۆنانی ، یەكێك بووە لە چاكترین شاعیرە ناسراوەكانی یۆنان، ئەو وڵاتەی كە گەلێك شاعیری هەیە و ئەدەبیاتێكی گەورەو ناسراوی هەیە.

شاعیر تالاگانیس ساڵی ١٩٩٦ بە نەخۆشیەكی كووشندە كۆچی دوایی كردووە، دووای خۆی پێنج كتێبی شیعری جێهێشتووە.

(نان و خۆشەویستی )

ئێمە پێكەوە شتێكمان هەیە
هەر پێكەوەش دابەشی دەكەین
نان و خۆشەویستی
ڕۆناكی و تاریكی
نەكەی بڵێی ، ژیان هیچە
ئاواهی بە ئاسانی ، ئاگامان دەكاتەوە و تامی بكەیین
من دەزانم
بەیانیەك، بی ئەوەی بیرمان لێكردبێتەوە
لەناكاو ڕووبەڕو دەبینەوە
وەرە بە بن گۆچكەمدا بچرپێنە و شەرم مەكە
خۆشەویستی بۆ هەردووكمانە
دولبەرەكەم، خۆشەویستی بۆ هەردوكمانە
(برین)
وەرە، بەهەردوو دەستە سپیەكانت ئەم برینەم بۆ داخەوە
دەرگا داخەو بێدەنگ بە
وەرە خەونم و سەمام بۆبكە
وەرە بنیشە سەر لق و پۆپی ئەم دارە جوانە
هەرگیز لە خۆشەویستیدا باس لە شوێن مەكە
دەبێت شوێن قەبووڵ كەیت
دەبێت شار قبووڵ كەیت
لە هەركوێ بم، وەرە و ئەم برینەم بۆ داخەوە
سەرچاوە :گۆڤاری پێن و نێودەوڵەتی :

**PEN –International Magazine**
**No.52 / 2002 – UNESCO-UK**
**Tanasis Talaganis**

www.kurdistannet.net